# سنوری نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا

م. بابارەسول نوری ڕەسول محمد

زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە

Babarasul.rasul@su.edu.krd

تاريخ التقديم: ٤٥ في ٢٠١٨/٣/١٢

تاريخ القبول: ٣٦٣ في ٢٠١٨/٦/٢٠

## پوختەی توێژینەوەکە بە کوردی:

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (سنوری نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە لە ڕستەی زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە سازبووەکانی بەهۆی ئامرازی پەیوەندییەوە" بواری توێژینەوەکەشمان زیاتر لە ئاستی ڕستەسازی و واتاسازیدایە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان، جگە لە پێشەکی و چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان" لە دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، باس لەم بابەتانە کراوە: (چەمك و زاراوە و پێناسەی فرێزی بەند، ئاوەڵگوزارە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

لە بەشی دووەمیشدا، زیاتر باسمان لە کێشەی جیاکردنەوەی ئاوەڵگوزارە و بەرکاری ناڕاستەوخۆ کراوە.

**وشە گرنگ و دیارەکان (وشە کلیلییەکان): ئاوەڵکار، ئاوەڵگوزارە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، فرێزی بەند، فرێزی ئاوەڵگوزارەیی، تەواوکار، سەربار.**

# الحدود التي تفصل بين المفعول به غير المباشر والظرف في اللغة الكردية

## م. د. بابارسول نوري رسول محمد

## جامعه صلاح الدين / كليه التربية - شقلاوه - اربيل

Babarasul.rasul@su.edu.krd

## الملخص:

يعدُّ المفعول به الغير المباشر والظرف عنصرين رئيسين من عناصر النحو اللغوى إذ يلعبان دورا جوهريا فى اللغة يوجد هذان العنصران فى العباره الفعليه ويظهران على شكل عباره المقيده وكما يوضحان معنى الفعل. إن هذا الحث الذى بعنوان (الحدود الذى يفصل بين المفعول به الغير المباشر والظرف فى اللغة الكرديه) عباره عن جهد مبذول لتعريف هذين الموضوعين والتميز بينهما والسبب يرجع إلى أن الموضوعات يتشابهان كثيرا لدرجه أن الكثير من اللغوين الكرد لايفرقون بينهما. ويتكون البحث عن جزئين. يتطرف الجز الأول الى المفعول به الغير المباشر والظرف بالتفصيل. بينما يحاول الجزء الثانى ان يضع حدودا بين هاذين الموضوعين وأن يثير الى نقاط لاختلاف بينهما. وفى الختام نجد الاستنتاج مع قائمه بأسماء المصادر المستخدمه فى هذا البحث.

**الكلمات المفاتيحية: الظرف، المفعول غير المباشر، العباره الظرفية، العبارة المقيدة، العناصر الاختيارية، العناصر الاجبارية (التكملة).**

# The Border between Indirect object and Adverbial in Kurdish Sentecne

**Lecturer: Babarasul N. Rasul (Doctora)**
**Erbil - University 0f Salahaddin /College of Education / Shaqlawa**
**Babarasul.rasul@su.edu.krd**

## Abstract:

Indirect object and Adverbials are two syntactic components of language which play an outstanding role and are expected to be found in the verb phrase taking the form of prepositional phrase and explaining the meaning of the verb. This study which is entitled "The Border between Indirect object and Adverbial in Kurdish Sentence" is an effort to identify these two topics and differentiate them from each other since they are too close to each other to a degree that most Kurdish linguists don't recognize each of them. Accordingly, this research is composed of two parts. The first part deals with the Indirect Object and Adverbial Phrases in detail while the second part tries to demarcate these two topics and show the points of difference between them. Finally, there is the conclusion followed by the list of the references.

**Key words: Adverb, Adverbial, Adverbial Phrase, Prepositional, Phrase, Complement, Adjunct.**

## پێشەکی:

فرێزی ئاوەڵگوزارەیی و بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەکو دوو دانەی سینتاکسی و وەکو دوو دانەی زمانی ڕۆڵێکی گرنگییان لەزماندا هەیە، ئەم دووانە لەزۆر ڕووەوە لەیەکدەچن و لەیەکنزیکن، بۆیە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە و ئاڵۆزە، ئێمە هەوڵدەدەین لەم تویژینەوەیەدا، کە بەناونیشانی (سنوری نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە لە ڕستەی زمانی کوردیدا)یە" هێڵێك و سنوورێك لە نێوان ئەم دوو دیاردە زمانییە بکێشین. زیاتر مەبەستیشمان لە ئاوەڵگوزارە، ئەو ئاوەڵگوزارانەن، کە بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی ساز دەبن، چونکە ئەم دوو دانە سینتاکسییە لە شێوەی فرێزی بەنددان و واتای کار تەواو دەکەن، بۆیە جیاکردنەوەیان لە یەکتری ئاڵۆزو گرانە، بەتایبەتی لەڕووی واتاییەوە.

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان لە دووبەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، بەدرێژی باسمان لە (فرێزی بەند، ئاوەڵگوزارە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ،...هتد) کردووە.

لە بەشی دووەمیشدا، زیاتر باسمان لە کێشەی جیاکردنەوەی ئاوەڵگوزارە و بەرکاری ناڕاستەوخۆ کردووە و بیروبۆچوونە جیاوازەکانمان لەم بارەوە خستۆتەڕوو، ئینجا بۆچوونی خۆشمان دیاریکردووە.

## بەشی یەکەم/ هەندێك بابەتی پەیوەستدار بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە:

١-١: دەروازە: بچووکترین و سادەترین کەرەسە لەزماندا، ئەو تاکە دەنگانەن، کە بەهۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەکرێن. گەورەترین و ئاڵۆزترین دانەی ڕێزمانیش ڕستەیە. کاتێکیش مرۆڤ کۆمەڵە ڕستەیەك دەردەبڕێت، هەریەك لە ڕستەکان لەچەند کەرەسەیەك پێکدێت، جۆرە پەیوەندییەکی سینتاکسیش ئەم کەرەسانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

به فۆنیمێ یان زیاتر مۆرفیم پێکدێت، به مۆرفیمێ یان زیاتر وشه پێکدێت، به وشەیەك یان زیاتر گرێ (فریز) پێکدێت، به دوو گرێ یان زیاتریش ڕسته پێکدێت، به کۆمەڵە ڕستەیەکیش دەق و ئاخاوتن پێکدێت. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ١٩٨) لێرەدا، زمان له بیرکاری نزیك دەبێتەوە، چونکه چۆن له بیرکاریدا بەهۆی ژمارەکانی (٠ ـ ٩) دەتوانین هەموو ژمارەیەك دروست بکەین، بەهەمان شێوەش بەو ژماره دیاریکراوەی فۆنیمەکان دەتوانین بێکۆتا وشه و ڕسته دروست بکەین، به لێکدانی ڕستەکانیش زمان دروست دەبێت. له ڕستەدا، هەندێك کەرەسه هەن بنجین و بناغەی دروستکردنی ڕستەن، وەك (بکەر، کار)، جگه له کەرەسه بنجییەکان، هەندێك کەرەسەی تر هەن له خزمەت ئەو کەرەسه بنجیانەن و (بکەر و کار) ڕووندەکەنەوە، لەناو ئەو کەرەسانەش هەندێکیان سەرەکین و وەکو تەواوکەر ئەرك دەبینن و ڕسته ناتوانێت دەست بەرداریان بێت، هەندێکی تر لاوەکین و وەکو سەربار ئەرك دەبینن و تەنیا بۆ دەرخستنی زانیاری زیاتر له ڕستەکەدا بوونیان دەبێت.

کەواته کەرەسه سەرەکییەکان (جێکەوته بەخورتییەکان ـ **Obligatory**)، ئەو بەشانەی ڕستەن، که له پێکهاتەی هەموو ڕستەیەکدا بەشداری دەکەن و کەرەسەی بەخورتین و ڕسته لەڕووی ڕۆنانەوە بێ ئەوان دروست نابێت، (احمد حسن: ١٩٩٠، ٨٠) بەلابردنیان ڕێزمان و واتای ڕستەکه تێکدەچێت و ڕستەیەکی نادروست دێته ئاراوە.

کەرەسه ناسەرەکییەکان (جێکەوته سەرپشکییەکان ـ **Optional**)، که سەربار (**Adjunct**) دەگرێتەوە، ئەو بەشانەی ڕستەن، که به ئارەزوون و ڕسته بەبێ ئەوان دروست دەبێت و بەلابردنیان واتای ڕسته تێکناچێت و ڕستەی ناڕێزمانی دروست نابێت (ئازاد ئەحمەد حوسین: ٢٠١٠، ٢٠٦) ئاوەڵگوزاره و بەرکاری ناڕاستەوخۆش، دوو کەرەسەن و له زۆربەی بارەکاندا له ڕستەدا بوونیان دەبێت و واتای کار ڕووندەکەنەوە، ئەم دوو کەرەسه لەزۆر ڕووەوە له یەکدەچن و له هەندێك ڕووی تریش له یەکتر جیان، بەتایبەتی لەو بارانەی هەردوو جۆری کەرەسەکه لەناو فریزی بەنددا خۆیان دەبیننەوە و بەهۆی فریزی بەند دروست دەبن، بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەهەموو بارێکدا به یارمەتی ئامرازی پەیوەندی دروست دەبێت، بەڵام ئاوەڵگوزاره دەگونجێ به یارمەتی ئامرازی پەیوەندی دروست بێت و دەگونجێش بێ یارمەتی ئامرازی پەیوەندی دروست بێت، وەك:

* پارەکەم به <u>ئەودا</u> نارد. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)
* ئەو <u>خراپ</u> دەڕوات. (ئاوەڵگوزاره)
* ئەو <u>بەجوانی</u> دەڕوات. (ئاوەڵگوزاره)

له هەندێ باری زۆر سنورداریشدا، دەگونجێ ئامرازی پەیوەندی (پریپۆزیشن) له ئاستی سەرەوەدا، بەدیار نەکەوێت، وەك:

* دڵم لای پێشمەرگەیە. (له ئاستی ژێرەوەدا، واته: دڵم لەلای پێشمەرگەیە).
* هەر یەکەتان ڕاپۆرتێك بنووسێت. (له ئاستی ژێرەوەدا، واته: هەریەك له ئێوە ڕاپۆرتێك بنووسێت).

١ـ٢: فریزی بەند: فریزی بەند (العباره المقیدة / **Prepositional Phrase**)، که زاراوەکانی تری وەك (فریزی پێشناوی، فریزی پریپۆزیشنی، گرێی بەند، فریزی پێشپرتکی)یشی بۆ بەکارهاتووە، یەکێکه

له فرێزە چالاکەکان و پانتاییەکی بەرفراوانی له زمانی کوردیدا داگیرکردووە و بەکارهێنانی زۆری لەزماندا هەیه. فرێزی بەند جۆرێکی تره له کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان و بەیارمەتی پێشبەند (پریپۆزیشن)[1] و پاشبەندەکان (پۆست پۆزیشنەکان)، دارێژراون و هەمیشه سەرەی فرێزی بەند بریتییه له ئامرازێکی پەیوەندی (پێشبەندێك) (Katamba, 1993, 333) فرێزی بەند بەشێوەیەکی گشتی له سادەترین شێوەیدا له ئامرازێکی پەیوەندی و فرێزێك، کە بەزۆری فرێزی ناوی یان جێناویی، پێکدێت و واتای کاری ڕسته تەواو دەکات و لەناوی فرێزی کاریدا خۆی دەنوێنێت، له فرێزی بەنددا، ئامرازی پەیوەندی (پێشناو - پێشبەند) سەرەیەو ئەو وشەیەی لەگەڵیدا دەبێت، دەبێت به تەواوکەری، واته ئامرازە پەیوەندییەکە بڕیار دەدات، کە چ جۆره کەرەسەیەك له ڕۆنانەکەدا هەبێت، چونکه کۆی ڕۆنانەکە باس له جۆرێك له (شوێن، کات، چۆنیەتی، هۆکار، ئامێر،... هتد) دەکات. (ساجیده عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣، ٢٠).

ئامرازە پەیوەندییەکانیش بەزۆری ئەمانەن: (بە، لە، بۆ، تا، وەك، ە ، لەگەڵ، بەرەو، بێ، بە...ەوە، لە...ەوە، لە...دا، بۆ...ەوە، لە...ڕا،...)، له هەندێ باریشدا، ئامرازە پەیوەندییەکان شێوەی خۆیان دەگۆڕن، وەك:

(بە) دەبێت به (پێ)، وەك: نامەکەم پێ گەیشت.

(لە) دەبێت (تێ)، وەك: وانەکەم تێ گەیاندن.

(بۆ) دەبێت به (ە)، وەك: دەچمە زانکۆ

(لە) دەبێت به (لێ)، وەك: قەلەمەکەی لێ سەندم.

### ١-٢-١: یاساکانی داڕشتنی فرێزی بەند (قالبەکانی فرێزی بەند):

فرێزی بەندیش وەکو هەر فرێزێکی تر، لەڕووی ڕۆنان و پێکهاتنەوە، بەپێی هەندێ یاساو بنەما دروست دەبێت، یاساکانیش بریتیین له چوار یاسا، کە ئەمانەن:

یەکەم: فرێزی بەند ← ئامرازی پەیوەندی + کەرەسەی تەواوکەر...(١)

* تا بازاڕ دەچم.

* هۆنراوەکەم بۆ ئازاد خوێندەوە.

دووەم: فرێزی بەند ← ئامرازی پەیوەندی + کەرەسەی تەواوکەر + دیارخەر...(٢)

* تا بازاڕی هەولێر دەچم.

* هۆنراوەکەم بۆ قوتابییەکانی خۆم خوێندەوە.

سێیەم: فرێزی بەند ← ئامرازی پەیوەندی (پێشبەند) + کەرەسەی تەواوکەر + پاشبەند...(٣)

* هەولێر به تۆوە جوانه.

* ئەو له هەولێرەوە هاتووە.

چوارەم: فرێزی بەند ← ئامرازی پەیوەندی (پێشبەند) + کەرەسەی تەواوکەر + دیارخەر + پاشبەند...(٤)

* ئەو له دهۆکی دەلالەوە هاتووە.

* هەولێر بەتۆی دلسۆزەوە جوانە.

١-٢-٢: کەرەسە تەواوکەرەکانی سەرەی فرێزی بەند (فرێزی پێشناوی): لە فرێزی بەندا ئەو کەرەسە یان ئەو فۆرمەی، کە دوای ئامرازی پەیوەندی (سەرە) دەکەوێت، پێی دەوترێ تەواوکەری سەرەی فرێزی بەند، تەواوکەرەکانیش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١- ناو (بەهەموو جۆرەکانییەوە):

* خەڵاتەکەم بۆ ئازاد دەبێت.

* خەڵاتەکەم بە کچەکان بەخشی.

٢- جێناو (جێناو بەهەموو جۆرەکانییەوە):

* هۆنراوەکەم بۆ ئەوان خوێندەوە.

* بۆیان دەهێنمەوە.

* کتێبەکەم بۆ خۆم برد.

٣- وشەی پرس:

* خەڵاتەکە بۆ کێ بوو؟

* قەلەمەکە بەچەند بوو؟

* بۆ کام وڵات دەچیت؟

٤- وشەی نیشانە:

* خەڵاتەکە بۆ ئەم خوێندکارە دەبێت.

* هۆنراوەکەم بۆ ئەوانە خوێندەوە.

* بەم قسانە باوەڕ ناکەم.

٥- چاووگ:

* ئەم خانووە بۆ فرۆشتنە.

* ئەو لە ترسان دەلەرزی.

٦- ڕادە:

* لەهەمووویانم زیاتر دەخوێند.

* لە هەندێك ناوچە بەفر باریوە.

٧- ئاوەڵناو:

* من ئێوە بە گەورە دەزانم.

* پیاوەکەم بە شەلی دیت.

٨- ژمارە:

* خەڵاتەکەم بەدووان بەخشی.

* ئەو بە دووەم دەرچوو.

* پرسیارەکەم لە نیوەی قوتابییەکان پرسی.

٩. فرێزی خستنه تەکییەکی:

* قسەکەم بە دایك و باوکی گوت.

* پارەکە بۆ من و تۆ دەبێت.

١٠. تاکبەند (مۆرفیمی دەرهاوێشتن).

* ئەو بە تەنیا ڕۆیشت.

* لە هەر ژوورێك وانەیەکم خوێند.

١١. وشەی نەفی:

* ئەو بەهیچ ڕازی نابێت.

١٢. ئاوەڵکردار:

* لە تەنیشت من دابنیشە.

* لەژێر ئاسمانی شینا.

* شتەکەی بۆ هێنام.

١-٢-٣: تایبەتمەندییەکانی فرێزی بەند: هەر کەرەسەیەك لەزماندا، کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پێی دەناسرێتەوە، فرێزی بەندیش چەندین تایبەتمەندی هەیە، لەوانە:

١. هەمیشە فرێزی بەند لە مۆرفیمێك زیاتر پێکدێت و لە سادەترین شێوەیدا، لە پێشبەندێك و کەرەسەیەکی تر پێکدێت.

٢. سەرەی فرێزی بەند وشەیێکی ئەرکییە، کە بریتییە لە ئامرازێکی پەیوەندی، ئامرازە پەیوەندییەکەش بە تەنیا دەرناکەوێت و دەبێت کەرەسەیەکی تری وەکو تەواوکەر لەگەڵدابێت.

٣. سەرەی فرێزی بەند، هیچ مۆرفیمێکی ڕێزمانی وەرناگرێت، بەڵکو مۆرفیمە ڕێزمانییەکان دەچنەسەر کەرەسە تەواوکەرەکە.

٤. فرێزی بەند بە گشتی و تەواوکەری سەرەی فرێزی بەند بەتایبەت بە گەڵێك کەرەسە فراوان دەکرێت، وەك:

* ئەو لەتۆ گەورەترە ← ئەو زۆر لەتۆ گەورەترە.

* کچەکە بۆمن دەبێت ← کچەکە هەر بۆمن دەبێت.

* نامەکەم بۆ ئازاد برد ← نامەکەم بۆ ئازادی برام برد.

٥. لە فرێزی بەنددا، ((پێشناوەکە سەرێکی حوکمکەرە و حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات، لە دروستەی فرێزی پێشناویدا پێوەندیی حوکمکردن بەڕەسمی ناسراوە، لەبەر ئەوەی پێشناوەکە پاشگری تایبەت دەسەپێنێت بەسەر ئەو پێکهاتەیە کە حوکمی دەکات، بە واتایەکی تر پێشناوەکە بڕیاری هەڵبژاردن و دیاریکردنی جۆری تەواوکەری دەدات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هیچ کاتێك پێشناوەکە وەك سەرێك ناتوانێت جێگەی هەموو دروستەکە بگرێتەوە) (محەمەد عومەر عول: ٢٠٠٨، ١٩ ـ ٢٠) هەر ئەمەش دیارترین جیاوازی نێوان فرێزی بەندو فرێزەکانی تری وەك (فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ناوی،...)یە.

٦. بەهۆی ئەوەی فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا (سەرە... سەرەتا)یە، تەواوکەری سەرەی فرێزەکە لای چەپی فرێزەکە دەگرێت، واتە کەرەسەی تەواوکەر دەچێتە دوای پێشبەندەکەوە، لە هەندێ باریشدا کەرەستەی تەواوکەر دەکەوێتە نێوان پێشبەند و پاشبەندەوە، وەك:

نامەکەم بە ئازاد دا نارد

٧. سەرەی فرێزی بەند بەجێناو جێگیر ناکرێت، بەڵام تەواوکەری سەرەی فرێزی بەند بە جێناو جێگیر دەکرێت، وەك: بۆیان دەهێنم.

٨. پاشبەندەکان سنووری فرێزەکە دادەخەن و دوای پاشبەند کەرەسەی تری سەر بە فرێزەکە بوونی نابێت، (عومەر ئەحمەد: ٢٠٠٩، ٤٦، ٤٧).

٩. لە هەندێ باری زۆر ناوێزەدا نەبێت، ئەگینا دوو پێشبەند (ئامرازی پەیوەندی) بەدوای یەکتردا نایەن، وەك: منداڵەکە بەبێ دایك و باوکە.

١٠. فرێزی بەند بەهۆی ئامرازی (و) دووبارە دەبێتەوە و فرێزی خستنە تەکییەکی (دروستەی هاوپێوەند) دروست دەکەن، وەك: بەشەو و بە ڕۆژ دەخوێنێت.

٤.٢.١: ئەرکی فرێزی بەند لە ڕستەدا: فرێزی بەند وەك کەتیگۆڕیەکی سینتاکسی لەناو ڕستەدا ئەرکی جیاواز دەبینێت، دەگونجێ وەك کەرەسەیەکی سەربار یان وەك کەرەسەیەکی تەواوکار لەناو فرێزی کاریدا خۆی بنوێنێت و واتای کاری ڕستە لەڕووی (کات، شوێن، چۆنیەتی، هۆ،...) ڕوونبکاتەوە، وەك:

* من بەڕۆژ هاتم. (سەربار)

* ئەمڕۆ لە بەهار دەچێت. (تەواوکار)

لە هەندێ باری زۆر تەسکیشدا، دەگونجێ وەکو سەربار وەکو کەرەسەیەکی ناسەرەکی ببێتە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی و واتای سەرەی فرێزی ناوی ڕوونبکاتەوە، وەك:

* ئۆتۆمبێلە لە قوڕ چەقیوەکە دەرچوو.

* خانووی بێ ئاو و کارەبا ناکڕم.

دەگونجێ فرێزی بەند وەکو ئاوەڵکارێکی نابنجی (ئاوەڵگوزارە) ڕۆڵ ببینێ و ببێتە سەربار و واتای کار دیار بخات و واتای کاری ڕستە ڕوونبکاتەوە. دەگونجێش ببێتە تەواوکەر و واتای کار تەواو بکات، وەك:

* بەشەو دەخوێنم. (بەشەو: فرێزی بەندە و بۆتە دیارخەری کارەکەو کاتی ڕوودانی کارەکەی دیاریکردووە).

* پشیلەکە بە دیوارەکە هەڵگەڕا. (بە دیوارەکە: فرێزی بەندە و بۆتە تەواوکەری کارەکە).

دەگونجێش فرێزی بەند، بەرکاری ناڕاستەوخۆ بێنێتە ئاراوە، بەڵام لەم بارەدا، هەموو فرێزەکە نابێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بەڵکو تەنیا ئەو کەرەسەی لەگەڵ ئامرازە پەیوەندییەکە دێت دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، واتە تەنیا تەواوکەری سەرەی فرێزی بەند دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، وەك:

* نامەکەم بۆ ئازاد برد.

ئامرازی پەیوەندی   بەرکاری ناڕاستەوخۆ

٣.١: ئاوەڵگوزارە: بەر لەوەی باس لە ڕۆنان و واتاو ئەرکی ئەم بابەتە بکەین، پێویست دەکات باس لە زاراوە هەمە چەشنەکانی ئەم بابەتە بکەین، چونکە زمانەوانە کوردەکان زاراوەی هەمەچەشنیان بۆ ئەم بابەتە بەکارهێناوە، لەوانە:

١. (سەعید سدقی کابان) زاراوەی (اسم زمان و اسم مکان)ی، بەکارهێناوە. (سعید صدقی کابان: ١٩٢٨، ٢٤).

٢. تۆفیق وەهبی زاراوەی (زەرف)ی، بەکارهێناوە، (توفیق وهبی: ١٩٥٦، ٦٨).

٣. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف و محەمەد ئەمین هەورامی) زاراوەی (ئاوەڵکردار)یان، بەکارهێناوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨، ١٣٣).

٤. (کوردستان موکریانی و شلێر ڕەسووڵ بەرزنجی) زاراوەی (ئاوەڵگوزارە)یان، بەکارهێناوە. بەڵام زاراوەی (ئاوەڵگوزارە) بۆ یەکەمجار لەلایەن کوردستان موکریانی بەکارهاتووە. (کوردستان موکریانی: ١٩٨٦، ١٣٣).

٥. (ئازاد ئەحمەد حسەین)یش، لەنامە ماستەرەکەیدا، زاراوەی (ئەدڤێربڵ)ی، بەکارهێناوە. (ئازاد ئەحمەد حسەین: ٢٠١٠، ١٦٥).

بەڵام زاراوەی (ئاوەڵگوزارە) لە هەموو زاراوەکانی تر گونجاوترە بۆ بەکارهێنان، چونکە لە ڕاستیدا ئاوەڵگوزارە تەواو بەرامبەر وشەی (Adverbial)ی، ئینگلیزییە. ئاوەڵکاریش بەرامبەر وشەی (Adverb)ی، ئینگلیزییە.

٦. زاراوەی (ئەدڤێربڵ) لە (ئەدڤێرب) وەرگیراوە، ئەمیش لە (ئەدڤێربیەم)ەوە هاتووە، کە ڕێزماننووسە ڕۆمانییەکان لە گریکەکانیان وەرگرتووە و بەکاریان هێناوە. (سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەرە).

ئاوەڵگوزارە فرێزێکە، ڕوویەکی سینتاکسی و ڕوویەکی سیمانتیکی هەیە، لەڕووی سینتاکسییەوە بریتییە لە پەیوەندی نێوان کارو فرێزەکانی ناو فرێزی کاری، جگە لە فرێزی ناوی بەرکار، یا لەنێوان کارو ڕستەیەکی تردا، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەشدا، زانیاری هەمەچەشن سەبارەت بەڕوودانی کار دەخرێتەڕوو.

لەڕووی سیمانتیکییەوەش، ئاوەڵگوزارەکان ئەو فرێزو ڕستانەن، کە وەسفی کار دەکەن و سنورێك بۆ ڕوودانی کارەکە دادەنێن و دەبنە وەڵامێك بۆ هەموو پرسیارێك، کە لەبارەی کارەکە بکرێت و ڕوویەکی نادیاری، ئاشکرا دەکەن.

بەلای ڕۆنانکارەکانەوە، هەر وشەیەك وەسفی ناو یا جێناوی کرد، ئاوەڵناوە، هەموو وشە وەسفکەرەکانی تر، ئەدڤێربڵن. (سەرچاوەی پێشوو: ١٩٥ - ١٩٦).

بەبۆچوونی ئێمەش ئاوەڵگوزارە دانەیەکی سینتاکسییە و چاڵێك لە چاڵەکانی ڕستە پڕ دەکاتەوە و لە شێوەی فرێز خۆی دەنوێنێت، بەزۆریش لە شێوەی فرێزی بەند بەدیار دەکەوێت و فرێزی کاری فراوان دەکات، ئاوەڵگوزارەکان زانیاری هەمە چەشنە سەبارەت بەڕوودانی کار دەخەنەڕوو و دەبنە وەڵامی هەموو پرسیارێك، کە دەربارەی کار بکرێت، دەگونجێ ئاوەڵگوزارەکان وەکو سەربار یان وەکو تەواوکار یان وەکو یاریدەدەر لەڕستەدا ڕۆڵ بگێڕن، بەڵام زیاتر وەکو سەربار لەناو ڕستەدا ئەرك دەبینن. لەڕووی شوێنیشەوە، ئاوەڵگوزارەکان بزێون و شوێنێکی دیاریکراویان لەناو ڕستەدا نییە و لە شوێنی جیا جیا دەردەکەون.

١.٣.١: جۆرەکانی ئاوەڵگوزارە: لەڕووی جۆرەوە، ئاوەڵگوزارەش وەکو هەموو بابەتە زانستی و زمانییەکانی تر، بەچەندین شێوە پۆلین کراوە و هەر زمانەوانەو بە جۆرێك پۆلینی کردووە، بۆ نموونە (کوردستان موکریانی) ئاوەڵگوزارەی بۆ چوارجۆر دابەش کردووە، ئەوانیش بریتیین لە ئاوەڵگوزارەی (شوێن، کات، چۆنییەتی، هۆ). (کوردستان موکریانی: ١٩٨٦، ١٥٥).

(شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی)یش، شەش جۆری دیاریکردووە، ئەوانیش بریتیین لە (شوێن،کات،چۆنییەتی، مەبەست، هۆ، پێوانە). (شلێر رسول بەرزنجی: ١٩٨٩، ٤١).

(ئازاد ئەحمەد حسێن)یش، ئاوەڵگوزارەی بەشێوەیەکی زانستی تر پۆلین کردووە، ئەو بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر فرێزی ئاوەڵگوزارەیی لەڕووی چەشنی ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە سازیان دەکەن، خستۆتەڕوو، ئەوانیش بریتیین لە: (ئازاد ئەحمەد حوسێن: ٢٠١٠، ١٩٧ ـ ٢٠٥).

١ـ تایبەتی (بنجی): ئەو ئاوەڵگوزارانەن، کە لە بنجدا ئاوەڵکارن و وەك بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتنن. وەك: (هێشتا، دیسان، هەرگیز،... هتد).

٢ـ دروستکراو (نابنجی) یان سازبوو لە بەشەکانی تری ئاخاوتن: ئەمانە نابنجین و لە بەشە ئاخاوتنی ترن، یان لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر سازبوون، وەك: (جوان، بە پەلە، ژیرانە،...هتد).

لەڕووی واتاوەش، نووسەر ئەم جۆرانەی دیاریکردووە: (کات، شوێن، نەریکردن، جەختکردن، چۆنیەتی، پێوانە، وەسیلە، هۆیی، دووبارەکردنەوە، مەبەست، تەریبی، بەراورد، هاوڕێیەتی، لێکچوون، سەرچاوە، هەندێتی، هیواو ئاوات، دوو دڵی و شیان، دەرهاوێشتن، ئەنجام، پرسیاری، گۆڕینی حاڵەت، پێچەوانە).

١ـ کاتی: <u>ڕۆژێك</u> سەرتان لێدەدەم. / باران <u>دوێنێ</u> باری. / <u>لەبەیانییە</u> دەخوێنم.

٢ـ شوێنی: <u>لێرە</u> دەخوێنم. / ئەو دەچێت بۆ <u>هەولێر</u>. / منداڵەکان چوونە <u>قوتابخانە</u>.

٣ـ چۆنییەتی: منداڵە <u>جوان</u> دەڕوات./ چێشتەکەم بە <u>گەرمی</u> خوارد./...

٤ـ پێوانە: پرسیارەکانم <u>بەنیو کاتژمێر</u> وەڵامدایەوە. / کتێبەکەم <u>بەچوار هەزار</u> دینار کڕی.

٥ـ وەسیلە: نانەکەم <u>بەدەست</u> خوارد. / نامەکەم <u>بە کۆمپیوتەر</u> نووسی.

٦ـ هۆیی: <u>لەبەر ژانی سەرم</u> نانم پێ نەخورا. / من <u>لەبەر</u> ئێوە ڕۆیشتم.

٧ـ دووبارەکردنەوە: <u>ئیمساڵیش</u> دەرنەچووم./ <u>جارێکی تر</u> وانەکە بنووسەوە.

٨ـ مەبەست: ئێمە <u>بۆ خوێندن</u> هاتووین./ <u>بۆ خۆشی</u> دەچین بۆ گەشت.

٩ـ تەرتیبی: منداڵەکان <u>چوار چوار</u> دانیشتوون. / کتێبەکانم <u>دەستە دەستە</u> ڕیزکرد.

١٠ـ بەراورد: ئەمڕۆ لە دوێنێ <u>گەرمتربوو</u>. / کاروان لە ئازاد <u>زیاتر</u> دەخوێنێت.

١١ـ هاوڕێیەتی: <u>من لەگەڵ تۆ</u> دەخوێنم. / <u>بوك و زاواکە</u> لەگەڵ ئێمە هاتن.

١٢ـ لێکچوون: دارا <u>وەك ئاسۆ</u> دەخوێنێت./ ئەو <u>تێر ئاسا</u> ڕای کرد.

١٣ـ نەرێکردن: <u>قەت</u> باش ناخوێنێت./ ئەوان <u>هەرگیز</u> کاری وا ناکەن.

١٤ـ سەرچاوە: کورسیەکەم <u>لە تەختە</u> دروستکرد. / کاری ڕابردوو <u>لە چاوگ</u> دروست دەکرێ.

١٥ـ جەختکردن: <u>بەدڵنیاییەوە</u> دەردەچم./ <u>بێگومان</u> زوو دەگەڕێمەوە.

١٦ـ هەندێتی: چوار <u>لە قوتابییەکان</u> دەرنەچوون./ مامۆستایەك <u>لە مامۆستاکانی</u> نەهاتووە.

١٧ـ دەرهاوێشتن: نانەکەم <u>بێ ماستاو</u> خوارد./ ئیشەکەی <u>بێ من</u> کرد.

١٨ـ ئەنجام: ئەوان منیان <u>بەزیرەکی</u> پۆلەکە لە قەلەمدا.

١٩. پێچەوانە: ئەو لەگەڵ ئەوە زیرەکییەشدا، نمرەیەکی باشی نەهێنا.

٢٠. دوو دڵی و گومان: ڕەنگە نمرەیەکی باش بهێنم./ لەوانەیە دەربچم.

٢١. هیواو ئاوات: خۆزگە وانەکەم خوێندبا./ بریا نەچوومایەتە زانکۆ.

ئەوەی (ئازاد ئەحمەد حسێن) لەهەموو زمانەوانەکانی تر زانستی ترو فراوانترە، تا ئێستا لەهیچ سەرچاوەیەکی تری کوردی بەم شێوەیە پۆلین نەکراوە، بۆیە ئێمەش پشت بەو جۆرە پۆلینە دەبەستین و ئەو جۆرە پۆلینکردنەمان لە جۆرەکانی تری پۆلینکردن پێ پەسندترە.

لەڕووی ئەرکیشەوە، فرێزە ئاوەڵگوزارەییەکان، سێ جۆرن:

یەکەم: ئەو فرێزە ئاوەڵگوزارەییانەی ئەرکی سەربار دەبینن: ئەوانەن کە لە ڕستەدا کەرەسەی سەرەکی نین و دەتوانین لایان بدەین، یان بەلابردنیان هیچ کارێك ناکەنەسەر لایەنی واتاو ڕێزمانی ڕستە، بەڵکو ئەرکیان تەنیا دەرخستنی زانیاری زیاترە (ئازاد ئەحمەد حسێن: ٢٠١٠، ٢٠٦)، وەك:

* ئەو بەپەلە نامەکەی نووسی.

* شەو درەنگ هاتمەوە.

دووەم: ئەو فرێزە ئاوەڵگوزارەییانەی ئەرکی تەواوکەر دەبینن: ئەوانەن کە لەڕستەدا، کەرەسەی سەرەکی و بنجین و واتای کار تەواو دەکەن و بەلابردنیان واتاو لایەنی ڕێزمانی ڕستە تێکدەچێت، یان ئەوانەن کە واتاو مەبەستی قسەکەر لە ڕستەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، دەگۆڕن. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٣٣). ئەم جۆرە فرێزە ئاوەڵگوزارەییانە لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە کارەکانی زمانی کوردیدا وەکو تەواوکەر بەکاردێن.، وەك:

* ئەو خانووە زۆر دەهێنێ.

* ئەمڕۆ لەبەهار دەچێت.

سێیەم: ئەو فرێزە ئاوەڵگوزارەییانەی ئەرکی یاریدەدەر دەبینین: ئەوانەن، کە زیاتر لەگەڵ کاری دانانی دێن (سەرچاوەی پێشوو: ٢٣١) و (پێویستی، گومان، خۆزگەو ئاوات،...) دەگەیەنن، وەك:

* ڕەنگە دەربچم.

* خۆزگە ئەو بمانایە.

١-٣-٢: ئاوەڵکار یا ئاوەڵگوزارە: ئەوانەی لەڕووی ڕستەسازییەوە، باسیان لەم بابەتە کردووە، دوو زاراوەیان بەکارهێناوە، ئاوەڵکارو ئاوەڵگوزارە. (بڕوانە: شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی: ١٩٨٩، ٤١) هەشە تریش زاراوەی (ئەدڤێربڵ) یان، بۆ بەکارهێناوە. (بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسین: ٢٠١٠، ١٩٦) بەڵام لە ڕاستیدا ئاوەڵکار و ئاوەڵگوزارە دوو شتی جیان، ڕاستە لە هەندێك ڕووەوە لەیەك دەچن، بەڵام جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە.

ئاوەڵکار زاراوەیەکی فەرهەنگی مۆرفۆلۆجییە، واتە وشەیەو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن. کەچی ئاوەڵگوزارە زاراوەیەکی سینتاکسییە و یەکێکە لە فرێزەکان و جۆرێکە لە جۆرەکانی فرێزو چاڵێك لە ڕستە پڕ دەکاتەوە.

ئاوەڵكارەكان كەرەسەی بنجی و ڕەسەن و ژمارەیان كەمە: وەك (هێشتا، دیسان، خۆزگە، هەرگیز، ڕەنگە،... هتد)، بەڵام ئاوەڵگوزارەكان كەرەسەی نابنجین و سەر بە بەشە ئاخاوتنی ترن یان لە بەشە ئاخاوتنی تر سازبوون و ژمارەیان یەكجار زۆرە، وەك: (جوان، بەپەلە، شێرانە، لەناو باخەكە،... هتد).

ڕاستە هەردوو جۆرەكە واتای كار ڕووندەكەنەوە و سەر فرێزی كارین و فرێزی كاری فراوان دەكەن، بەڵام لەڕووی دروستبوونەوە جیاوازیان هەیە. دەتوانین بڵێین هەموو ئاوەڵكارێك ئاوەڵگوزارەیەك، بەڵام هەموو ئاوەڵگوزارەیەك ئاوەڵكار نییە.

لەڕووی زاراوەشەوە، ئاوەڵكار بەرامبەر (ئەدڤێرب) دێت و ئاوەڵگوزارەش بەرامبەر (ئەدڤێربڵ) دێت.

١-٣-٣: تایبەتمەندی ئاوەڵگوزارە:

فرێزە ئاوەڵگوزارەییەكان تایبەتمەندی سینتاكسی و مۆرفۆلۆجی و سیمانتیكی خۆیان هەیە، بەمەش لەلایەك لە فرێزەكانی تر جیا دەبنەوە و لەلایەكی ترەوە، ڕۆڵ و بایەخیان لە زمانەوانیدا زیاتر دەركەوێت و ئەوەش دەسەلمێنرێت، كە مەرج نییە لەهەموو كاتێكدا، ئەمانە كەرەسەی ناسەرەكی و پلەی دووی ڕستەبن، یان پارتیكل بن، وا لە خوارەوە هەندێك لەو تایبەتمەندییانە دەخەینەڕوو:

یەكەم: لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە:

١- بەشەكانی ئاخاوتن لە شێوەی فرێزی (سادە، ناسادە، بەند)دا، ئاوەڵگوزارەكان دادەڕێژن، واتە ئاوەڵگوزارەكان دەگونجێ لە شێوەی فرێزی (سادە، ناسادە، بەند)دا، بن.

٢- ئاوەڵگوزارە سادەكان، كە لە زۆربەی بارەكاندا ئاوەڵكاری بنجین، نیشانەی تایبەتی مۆرفۆلۆجییانەیان نییە.

٣- ئاوەڵكارە بنجییەكان لەزمانی كوردیدا ژمارەیان كەمەو سنووردارن.

٤- ئاوەڵكارە بنجییەكان لە زمانی كوردیدا، پریپۆرزیشنیان ناچێتەسەر، بە پێچەوانەی بەشەكانی تری ئاخاوتن.

دووەم: لەڕووی سینتاكسەوە:

١- هەمیشە بە كارەوە بەستراونەتەوە واتای كار تەواو دەكەن و فرێزی كاری فراوان دەكەن.

٢- دەشێ لەڕستەدا، ئاوەڵگوزارەكان لە ئەركی (سەربار یان تەواوكار یان لە ئەركی یاریدەدەر)دابن.

٣- ئاوەڵكارە بنجییەكان لە توانایان دا نییە، ببنە تەواوكەری كاری چاووگی (بوون)، بەڵام ئاوەڵگوزارە ناسادەكان دەتوانن ببنە تەواوكەری كاری چاووگی بوون.

٤- توانای دەركەوتنیان لە فرێزەكانی تری ڕستە زیاترە، چونكە پەیوەستن بە (كار)ەوە، لە زۆربەی كاتدا، هێزی سەرەكی ڕستە بۆخۆیان ڕادەكێشن.

٥- بەپێی ئارەزوو و مەبەست لە فرێزی كاریدا جێگۆركێ دەكەن و شوێنی جیا جیا لەڕستەدا دەگرن.

سێیەم: لەڕووی سیمانتیكەوە:

١- تا ڕادەیەكی زۆر چارەسەری دیاردەی لێڵی و تەمومژی واتایی دەكەن و لە زۆربەی كاتەكاندا نادیارییەكانی ڕستە بەدیار دەخەن.

٢- واتای كارە فرە واتاكان ڕووندەكاتەوە و واتا جیاوازەكانیان ڕووندەكاتەوە.

٣ـ ئاوەڵگوزارە بنجییەکان (وشە ئەدڤێربەکان) ناوی شت ناگەیەنن و هیچ شتێکی دیاریکراویشیان بەناو ناکرێت، بۆیە واتاکانیان واتای وشەیەکی فەرهەنگی نییە، بەڵکو واتایەکی کردەوەیی یان پیشەییە. (ئازاد ئەحمەد حسین: ٢٠١٠، ١٩٩ ـ ٢٠٠).

٤.١: بەرکاری ناڕاستەوخۆ (المفعول غير المباشر ـ **Indierect object**): بەرکاری ناڕاستەوخۆ، کە لە کتێبی مەنهەجی قوتابخانەکاندا، زاراوەی (تەواوکەری بەیاریدە)ی، بۆ بەکارهاتووە، ئەم زاراوەیەش هەڵەیە چونکە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە زۆربەی بارەکاندا سەرباره و لە هەندێ باری زۆر کەمدا، دەبێتە تەواوکار، کوردستان موکریانیش زاراوەی (بەرکاری تیان)ی، بەکارهێناوە، (کوردستان موکریانی، ١٩٨٦، ١١٨) نووسەرە بیانی و کوردەکان بۆ ناساندنی ئەم کەرەسەیە بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، وا لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕوو:

((بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ئامرازێکی پەیوەندی (پریپۆزیشن)و، وشەیەکی دی پێکدێت)). (لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، ١٩٨٦ ـ ١٩٩) ((تەواوکەری بەیاریدە ئەو ناوەیە، یان جێناوەیە، کە لە ڕستەدا واتای کار تەواو دەکات بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی، لەگەڵ کاری تێنەپەڕ و تێپەڕدا دێت)) (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە: ٢٠١٥، ٦٠).

((بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەو کەرەسەیە، کە بەهۆی ئامرازی پەیوەندییەوە دروست دەبێت و پێی دەوترێ گرێی بەند و لەژێر گرێی کاری ڕستە دایە و فراوانی دەکات و وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە، کە بە ( (بە، بۆ، لە، لەگەڵ) + کێ)، یا ((بە، لە، لەگەڵ) + چی) بکرێ)). (خەسرۆ ئەحمەد: ٢٠٠٨، ٩٢).

محەمەد عەلی خولی دەڵێت: ((بەرکاری ناڕاستەوخۆ: ئەو بەرکارەیە، کە کاریگەری کارەکەی تێدەپەڕێتەسەر، دوای ئەوەی کاریگەری کارەکە تێپەڕیوەتەسەر بەرکارکیکی تر)) (محمد على الخولي: ١٩٨٢، ١٢٩).

جەك ڕیچارد و جان پلەت و هایدی ڤیبەر دەڵێن: ((ئەگەر بەرکاری کارەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری کارەکە دابێ، بەگشتی پێی دەوترێ بەرکاری ناڕاستەوخۆ)). (جك رچارد. جان پلت. هايدكا وبر، ١٣٧٥/١٩٩٦، ٣٨٧).

بە بۆچوونی ئێمەش بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەو کەرەسەیە، کە لەناو ڕستەدا، بەشێوەی گرێیەکی بەند لەناو فرێزی کاریدا دەردەکەوێت و ناڕاستەوخۆ و بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کاری تەواوی تێپەڕ و تێنەپەڕ و فرێزی کاری فراوان دەکات. (کات و شوێن و چۆنییەتی هۆو... هتد ناگەیەنێت).

١.٤.١: پێکهاتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ: لە پێناسەکاندا، ئەوە دەردەکەوێت، کە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەڕووی ڕۆنانەوە، پێکهاتەیەکی ناسادەی هەیەو لە سادەترین شێوەیدا، لە ئامرازی پەیوەندی و کەرەسەیەکی تر پێکدێت، ئامرازە پەیوەندییەکە سەرەیەو کەرەسەکەی تریش تەواوکەرە، دەگونجێش پێکهاتەی فرێزەکە پاشبەندی هەبێت، یان کەرەسە تەواوکەرەکە فراوانکرابێت، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا، ڕوونکراوەتەوە:

* نامەکەم بۆ ئازاد برد.

* نامەکەم بە ئازاد دانارد.

* نامەکەم بۆ ئازادی برام برد.

دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێ، کە لە فرێزەکەدا، تەنیا کەرەسە تەواوکەرەکە دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئەو کەرەسە تەواوکەرەش بەزۆری ناوە یان جێناوە.

ئامرازە پەیوەندییەکانیش بەزۆری ئەمانەن: (بە، لە، بۆ، لەگەڵ، ە ، یێ، تا، وەك).

١-٢-٤: شێوەکانی دەرکەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دەگونجێ لە شێوەی فۆرمی سەربەخۆ بەدیاربکەوێت، وەك:

* هۆنراوەکەم بۆ ئازاد خوێندەوە.

* خانووەکەی بۆ خۆی کڕی.

دەگونجێش بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە شێوەی لکاوبێت، واتە دەگونجێ بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەجێناوی لکاو جێگیر بکرێت.

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵەی (م، ت، ی، مان، تان، یان) و کۆمەڵەی (م، یت، ∅ ، ین، ن، ن) دەبن بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ: (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە: ٢٠١٥، ٦٣ - ٦٤).

١- کۆمەڵەی یەکەم (م، ت، ی،...) لەگەڵ هەموو کارێکی تەواوی تێپەڕو تێنەپەڕ دەبن بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەك:

* هەواڵەکە بەمن گەیشت (هەواڵەکەم پێ گەیشت).

* نامەیەك بۆمن دێت (نامەیەکم بۆ دێت).

* خانووەکە بۆ ئەوان دەفرۆشم ← (خانووەکەیان بۆ دەفرۆشم)

* ئۆتۆمبیلەکە بۆ ئەو بفرۆشە ← (ئۆتۆمبیلەکەی بۆ بفرۆشە)

* کارەکە بۆ ئێمە تەواوکراوە ← کارەکەمان بۆ تەواوکراوە)

٢- کۆمەڵەی دووەم (م، یت، ∅ ، ین،...) تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، وەك: ئەو خانووکەی بۆ ئێمە فرۆشت ← ئەو خانووەکەی بۆ فرۆشتین.

لەڕووی شوێنیشەوە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دەگونجێ لەسەرەتای ڕستەبێت، وەك:

* بۆمانی وەرگرت.

دەگونجێ لە ناوەڕاستی ڕستەبێت، وەك:

* ئەو هۆنراوەکەی بۆ قوتابییەکان خوێندەوە.

دەگونجێ لە کۆتایی ڕستەش بێت، وەك:

* نامەکە دەبم بۆ کاروان. (لێرەدا کردەی گوێزانەوە جێبەجێ کراوە).

* بۆی وەرگرتین.

* من بۆ کاروان خەڵاتەکەم وەرگرتووە. (لێرەدا کردەی گوێزانەوە جێبەجێ کراوە.

بەشی دووەم: جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە فرێزە ئاوەڵگوزارەییەکان:

١-٢: دەروازە:

هەروەك چۆن لەسەر زۆربەی بابەتە زانستی و زمانییەکان بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، ئاواش لەسەر ئەم بابەتەش ڕێزمانوسان و زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ڕێزمانووسە کوردەکان دەربارەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و فرێزە ئاوەڵگوزارییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەمەش بۆ سنوور تێکەڵی نێوان ئەم دوو دیاردەیە دەگەڕێتەوە، چونکە لەلایەك بەرکاری ناڕاستەوخۆ فرێزە ئاوەڵگوزارییەکانی دروستبوو بەهۆی ئامرازی پەیوەندی دەچنە ناو فرێزی کارییەوە و واتای کار تەواو دەکەن و لەخزمەت کاردا دەبن هەروەها جیاکردنەوەیان لەڕووی سینتاکسەوە کارێکی ئاسان نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ نیشانەیەکی سینتاکسی تایبەت بەخۆیان نییە تاکو پێی بناسرێتەوە. (عومەر ئەحمەد: ٢٠٠٩، ٧٨)، لەلایەکی ترەوە زۆرجار ئەم دوو دیاردەیە لەڕووی فۆرم و واتاوە تێکەڵ بەیەکتر دەبن و جیاکردنەوەیان کارێکی گرانە، هەر بۆیە پێم باشە لەسەرەتادا، هەندێك لایەنی لێکچووی نێوان ئەم دوو دیاردەیە بخەمەڕوو، ئینجا باس لەلایەنی جیاوازی و سنووری نێوان ئەم دوو دیاردەیە بکەم.

٢-٢: لایەنی لێکچووی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە:

ئەم دوو لایەنە لەم ڕوانەی خوارەوە لەیەك دەچن:

١- لەڕووی ڕۆنانەوە، هیچ جیاوازییەك لەنێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارەی سازبوو بەهۆی ئامرازی پەیوەندی نییە، چونکە هەردووکیان بەشێوەی گرێی بەند بەدیاردەکەون.

٢- لەهەردوو دیاردەکەدا، ئامرازە پەیوەندییەکە سەرەیەو کەرەسەکەی تر تەواوکەری ئامرازە پەیوەندییەکەیە، ئامرازە پەیوەندییەکەش کەرەسەکەی تر (تەواوکەر) دیاری دەکات، کە چ کەرەسەیەك بێت.

٣- لەهەردوو دیاردەکەدا، دەگونجێ کەرەسە تەواوکەرەکە ناو، یان جێناوبێت، ناوەکەش دەگونجێ ناوی گیانداربێ، یان بێ گیان، ناوی تایبەتی بێت، یان ناوی گشتی،... هتد. وەك:

ئەو نەخۆشییەکەی لە ئازاد گرتەوە. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)/ کارەکە لە ئازادەوە دەستی پێکرد. (ئاوەڵگوزارە).

٤- دەگونجێ کەرەسەی تەواوکەر لەهەردوو دیاردەکەدا، فراوانبکرێت، وەك:

* پشیلەکە بەدیوارە بەرزەکە هەڵگەڕا. (ئاوەڵگوزارە).

* نامەکەم بە ئازادی برام نارد (بەرکاری ناڕاستەوخۆ).

* هەردوو دیاردەکە، زیاتر وەکو کەرەسەی ناسەرەکی (سەربار) بەدیاردەکەون، بەڵام دەگونجێش هەردوو دیاردەکە لە ڕستەدا کەرەسەی سەرەکی (تەواوکار)بن، وەك:

* نامەکەم بۆ ئازاد نارد (بەرکاری ناڕاستەوخۆ / سەبار)

* نامەکەم بە پەلە نارد (ئاوەڵگوزارە / سەربار)

* پشیلەکە بە دیوارەکە هەڵگەڕا. (ئاوەڵگوزارە / تەواوکار)

* تۆ بەپیاو دەزانم (بەرکاری ناڕاستەوخۆ / تەواوکار)

٦- لەڕووی شوێنەوە، هەردووکیان دەگونجێ لەهەموو شوێنێکی ڕستەدا بێت.

٧- هەردوو دیاردەکە لەگەڵ کاری (تێپەڕ، تێنەپەڕ)، (بکەر دیار، بکەر نادیار)، (ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازی، فەرماندا) دێن، وەك:

* لەمن دەترسێت (ئاوەڵگوزارە)

* ڕەنگە لەمن بترسێت (ئاوەڵگوزارە)

* لەمن بترسێ. (ئاوەڵگوزارە)

* لەمن دەدات. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* ڕەنگە لەمن بدات. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* لەمن بدە. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

٨ـ لەهەردوو دیاردەکەدا، واتا بەپێی ئامرازی پەیوەندییەکە دەگۆڕێت، وەك:

* لە ماڵەوە دێم (ئاوەڵگوزارە)

* بە ماڵەوە دێم (ئاوەڵگوزارە)

* دوعات بۆ دەکەم (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* دوعات لێ دەکەم (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* بە ئازاد نامەکەم بۆ مامۆستا نوسی.

* بە مامۆستا نامەکەم بۆ ئازاد نوسی.

٩ـ هەردووکیان بەجێناوی لکاو جێگیر دەکرێن، وەك:

* من ئازادم بە ئەوان ناساند. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* من ئازادم پێ ناساندن. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* بەو ڕێگایەدا مەڕۆ. (ئاوەڵگوزارە).

* پێدا مەڕۆ. (ئاوەڵگوزارە).

١٠ـ هەردووکیان جێگۆڕکێ دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر بکەری جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك بێت[٢]، وەك:

* کتێبەکەی دا بەمن. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* بەمنی دا کتێبەکە. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

* بەم ڕێگایەدا مەڕۆ. (ئاوەڵگوزارە)

* مەڕۆ بەم ڕێگایەدا. (ئاوەڵگوزارە)

ئەم خاڵە هاوبەشانە وای کردووە، دیاریکردنی سنوری نێوان ئەم دوو دیاردەیە زۆر گران بێت، یان هەر دیاری نەکرێ، تەنانەت هەندێ لێکۆڵەر باوەڕ بە بوونی بەرکاری ناڕاستەوخۆ ناکەن و پێیان وایە لەگەڵ ئاوەڵکارەکان تێکەڵ یەکتر دەبن[٣].

٢ـ٣: کێشەی جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ئاوەڵگوزارە سازبووەکانی بە ئامرازی پەیوەندی:

هەروەك لە دەروازەی بەشی دووەمدا، ئاماژەمان بەوەدا، کە جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیە گران و ئاڵۆزە، بۆیە بە باشی دەزانم لەم تەوەرەدا، سەرەتا باسی هەندێ خاڵی جیاوازی دیاری نێوان ئەم دوو دیاردەیە بکەم، ئینجا باس لە خاڵە نادیارو کاتەکانی جیاوازی نێوان ئەم دووانە بکەم.

یەکەم: بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کاری چاووگی بوون (کاری ناتەواو) نایەت، بەڵام ئاوەڵگوزارە لەگەڵ هەموو کارێك دێت بەکاری چاووگی (بوون)ەوەش، وەك: ئاهەنگەکە بەشەو بوو (ئاوەڵگوزارە)

دووەم: ئاوەڵگوزارەی سازبوو بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی بەلایەنی کەم دەبێت دوو کەرەسە بێت، کە ئامرازەکەو کەرەسەکەی ترە، تەواوکەری ئامرازە پەیوەندییەکەیە، چونکە بەهەردوو کەرەسەکە

ئاوەڵگوزارە ساز دەبێت، بەڵام لەبەرکاری ناڕاستەوخۆدا، تەنیا کەرەسە تەواوکەرەکە دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

من لەگەڵ ئازاد دەچم بۆ زانکۆ.

ئاوەڵگوزارە ئاوەڵگوزارە

* من نامەکەم بۆ ئازاد برد

بەرکاری ناڕاستەوخۆ

سێیەم: بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەرکە و بەشێکە لە فرێزی بەند، بەڵام ئاوەڵگوزارە فرێزە و ئاوەڵگوزارەی سازبوو بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی تەواوی فرێزە بەندەکەیە، وەك:

خەڵاتەکەم بۆ مامۆستا برد / ئەو بە پەلە هات

↓ ↓

بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئاوەڵگوزارە

چوارەم: ئاوەڵگوزارە چەندین جۆری هەیە، بەڵام بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەوەندە جۆرەی نییە.

پێنجەم: لەڕووی شوێنەوە، ڕاستە هەردووکیان لە شوێنی جیاجیا دێن، بەڵام بەرکاری ناڕاستەوخۆ زیاتر لە کارەوە نزیکە.

شەشەم: بەرکاری ناڕاستەوخۆ زیاتر توانای وەرگرتنی نوسەکی هەیە، وەك:

* بۆیان دەهێنم. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

حەوتەم: بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەجولانەوەیدا زۆر سەربەست نییە، چونکە زیاتر لە خزمەتی بەرکاری ڕاستەوخۆدا دەبێت و بەزۆری دەکەوێتە دوای بەرکارە ڕاستەوخۆکە، وەك:

* ئەو هۆنراوەکەی بۆمن خوێندەوە.

بەڵام ئاوەڵگوزارە لە جولانەوەیدا سەربەسترە لە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و شوێنی جیاجیا تر دەکرێت، وەك:

* لە هەولێر لەدایك بووم.

* ئەو دەچێت بۆ هەولێر.

* ئەو بۆ هەولێر دەچێت.

هەشتەم: ڕاستە هەردوو دیاردەکە لە زۆربەی بارەکاندا سەربارن و دەتوانین لە ڕستەدا لایان بدەین، بەڵام لابردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ زۆرجار ڕستە لەڕووی واتاییەوە تێکدەدات، وەك:

* ئەو نامەکەی دا بەمن.

* ئەو براکەی بەمن ناساند.

بەڵام لادانی ئاوەڵگوزارە سازبووەکانی بە ئامرازی پەیوەندی ئەو تێکچوون و ناڕێزمانییە دروست ناکات، وەك:

* ئەو لە دهۆك دێتەوە.

ئەو دێتەوە.

نۆیەم: (محمود فتح الله) لە نامە ماستەرەکەیدا، کە بەناونیشانی (کار تەواوکردن لە کوردیدا)یە، شەش خاڵی وەکو پێوەر دەستنیشانکردووە بۆ جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ئاوەڵگوزارەکان کە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١. بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەمیشە بە یەکێك لە ئامرازە پەیوەندییەکان (پریپۆزیشنەکان) دەست پێدەکات و ناڕاستەوخۆ کاری ڕستە تەواو دەکات.

٢. بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەزۆری لەنزیك کارەوە دێت و زۆر بەدەگمەن نەبێ کەرەسەی تری زمان جگە لە جێناوە لکاوەکان ناچێتە نێوانیانەوە، بەتایبەتی ئەگەر بکەوێتە دوای کاری ڕستەوە.

٣. بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبێتە وەڵام بۆ پرسیارێك کە بە (کێ، لەچی، لەکێ) بکرێ.

٤. بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەگشتی پاشکۆکانی (دا، ەوە) وەردەگرێ، چونکە لەو بارەندا، چەمکی ئاوەڵکاری شوێن بەخۆیەوە دەگرێ.

٥. بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەکاتی بچووکردنەوەی ڕستەدا، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، کە بکەوێتە پێش کارەوە بە جێناوی لکاو جێگیر ناکرێت، بەڵام کە بکەوێتە دوای کارەوە بەجێناو جێگیر دەکرێ و دەبێتە کەرەسەیەکی سەرەکی.

٦. هەمیشە دەبێتە ئامانجی (Goal) ڕووداوێك. (بڕوانە: محمود فتح الله: ١٩٨٨، ١١٩ ـ ١٢١).

بەڵام شیکردنەوە دەری دەخات، کە بەشێ لەم پێوەرانە، پێوەری تەواو نین بۆ جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ئاوەڵگوزارە سازبووەکان بەهۆی ئامرازی پەیوەندی، چونکە:

١. هەروەك باسمان کرد، هەردوو دیاردەکە بە ئامرازی پەیوەندی دەست پێدەکەن.

٢. زۆرجار ئاوەڵگوزارەش لەنزیك کارەوە دەبێت.

٣. مەرج نییە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە هەموو کاتێکدا ببێتە وەڵامێك بۆ (کێ، لەچی، لەکێ)، بەڵکو ئاوەڵگوزارەکانیش دەبنە وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە.

٤. ئاوەڵگوزارەکانیش پاشکۆکانی (دا، ەوە) وەردەگرن.

٥. بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەپێش کارو لەدوای کار بەجێناوی لکاو جێگیر دەکرێت، وەك:

* بۆیان دەهێنم.

* بۆی هێناین.

٦. لەزمانی ئینگلیزیدا زیاتر دیاردەی ئەوە هەیە، کە بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەمیشە دەبێتە ئامانجی (Goal) ڕووداوێك. ئەمەش هەر تەنیا مەرج نییە، بەڵکو لە زمانی ئینگلیزیدا چەند مەرجێك یان چەند بنەمایەك دیاریکراوە بۆ جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ئاوەڵگوزارەکان، لەوانە[٤]:

١. لە ڕستەدا دەبێت هەمیشە بەرکاری ناڕاستەوخۆ سوودمەند یان وەرگر یان ئامانج (Goal) بێت.

٢. هەردەم لە فرێزی ناوی پێکدێت.

٣. دەبێت لە ڕستەدا بەرکاری ڕاستەوخۆی لەگەڵدا بێت.

٤. دەبێت توانای هەبێت شوێنی بکەر بگرێتەوە لە ڕستەی بکەر نادیاردا.

٥. کاری ڕستەکە دەبێت (Detranstive) بێت، واتە ئەو کارانەی داوای دوو بەرکار دەکەن.

پێمان وایە ئەم پێوەرەی سەرەوە چەند لایەنێکی کێشەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارەکان چارەسەر دەکات و تا ڕادەیەك بۆ زمانی کوردیش دەگونجێ، بەڵام کێشەی بە تەواوی بنبڕ نابێت، چونکە هەر زمانەو کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لەوانەیە ئەم پێوەرانەی سەرەوە بۆ هەموو ڕستەیەکی کوردی نەگونجێت، بۆ نموونە ئەگەر فرێزە بەندەکە کاتی نیشاندا، یان چۆنیەتی نیشاندا، جیاکردنەوەی ئاسان بێت، بەڵام جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ئاوەڵگوزارەی شوێنی سازبوو بە ئامرازی پەیوەندی ئاسان نەبێت، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

١- نامەکەم بۆ دارا خوێندەوە. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

٢- ناکەم بە پەلە خوێندەوە. (ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی)

لەڕستەی یەکەمدا، فۆرمی (دارا) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، چونکە هەر پێنج خاڵەکەی لەسەر جێبەجێ دەبێت، بەڵام لەڕستەی دووەمدا، فرێزی (بەپەلە) ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتییە، چونکە هەموو خاڵەکانی لەسەر جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە (بەپەلە) پەیوەندی بە سوود وەرگرتنەوە نییە.

دیسانەوە ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بکەین:

١- ئەو نامەکەی بۆ دارا نارد.

٢- ئەو نامەکەی بەشەو نارد.

دەبینین، ئاراستەی نامەکە بۆلای ئەو چووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا فرێزی (بەشەو) نە سوودمەندەو نە ئامانجە بۆیە دەبێتە ئاوەڵگوزارەی کاتی.

دیسان کێشەی (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) و (ئاوەڵگوزارەی شوێنی) هەر دەمێنێتەوە و سنوریان تێکەڵ بەیەکتری دەبێت، وەك لەم دوو نموونەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

١- ئەو ئۆتۆمبیلەکەی بۆ بازاڕ نارد.

٢- ئەو بۆ بازاڕ چوو.

فرێزی (بۆ بازاڕ) لەهەردوو ڕستەکەدا هەیە لەهەر یەکێکیان چەند خاڵێك لە پێنج خاڵە پێوەرەکەی تیادا پیادەکراوە، بۆ نموونە لە ڕستەی یەکەمدا، (بازاڕ) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، چونکە خاڵەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لەسەر پیادە دەبێت، وەك:

١- بازاڕ ← ئامانجە.

٢- بازاڕ ← فرێزی ناوییە.

٣- بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا هەیە، کە وشەی (ئۆتۆمبیل)ە.

٤- کاری ڕستەکە لەو کارانەیە، کە داوای دوو بەرکار دەکات.

بەڵام لەڕستەی دووەمدا فرێزی (بۆ بازاڕ) تەنیا خاڵی (١، ٢)ی پێوەرەکانی لەسەر جێبەجێ دەبێت، کە بریتیین لە:

١- (بازاڕ) ← ئامانجە.

٢- (بازاڕ) ← فرێزی ناوییە.

بۆیە لێرەدا (بازاڕ) بەرکاری ناڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو (بۆ بازاڕ) ئاوەڵگوزارە، شوێنییە.

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، کە چ پێوەرێك پیادە بکەین لە هەڵاوێرکردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارەی شوێنیدا، ئەگەر پێوەری زۆری و کەمی پیادەکردنی خاڵەکان بکەین بە پێوەر، دیسان کێشەمان بۆ دروست دەبێت چونکە هەموو کاتێك بەراورد لەنێوان دوو ڕستەدا ناکەین تاکو بزانین کامەیان زیاتری خاڵەکانی لەسەر پیادە دەکرێت. (عومەر ئەحمەد: ٢٠٠٩، ٨١).

دەیەم: (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی) پێی وایە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارو کارەکە فراوان دەکات و وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە، کە بە (کێ، یان چی) بکرێ. (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣، ٢٤).

بەڵام دیسانەوە ئەم پێوەرەش هەڵەیەو تەواو نییە و خاڵی یەکلایکەرەوەی جیاوازی نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە نییە، چونکە لەسەر هەموو ڕستەیەکی کوردیدا جێبەجێ ناکرێت.

یانزەم: (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو)یش، پێی وایە بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەو کەرەسەیە، کە بەهۆی ئامرازی پەیوەندی دروست دەبێت و لەژێر گرێی کاری ڕستە دایەو فراوانی دەکات و وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە، کە بە [(بە، بۆ، لە، لەگەڵ) + کێ)] یان [(بە، لە، لەگەڵ) + چی)] بکرێ. (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو: ٢٠٠٨، ٩٢).

بەڵام دیسان بەمەش کێشەکان هەموو چارەسەر نابێت و ناتوانین بەتەواوی ئەم دوو دیاردەیە لەیەکتری جیابکەینەوە، چونکە مەرج نییە هەموو بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ تەنیا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، یان مەرج نییە هەر تەنیا بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، بەڵکو لەوانەیە ئاوەڵگوزارەش وەڵامی هەندێ لەم پرسیارانە بداتەوە.

دوانزەم: (قەیس کاکل)یش لە نامەی (دکتۆراکەی)دا، کە بەناونیشانی (پەیوەندییەکانی نێو دەق)ە، دەڵێت: ((لە زمانی کوردیدا هێڵێکی کاڵ لەنێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵکار بەدی دەکرێ، ئەم هێڵە کاڵەش، کە سنورێکی بێ هێزی لەنێوان ئەم دوو دیاردە زمانییەدا کێشاوە لەسەر بنەمای واتاییە. لەڕووی ڕۆنان و ئەرکی سینتاکسی هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت.)) (قەیس کاکل: ٢٠٠، ).

ئێمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی (قەیس کاکل)ین، بەوەی کە هێڵێکی کاڵی بێ هێز لەنێوان ئەم دوو دیاردە زمانییەدا، تەنیا لەڕووی واتاییەوە دەکێشرێ، ئەگینا لەڕووی ڕۆنان و ئەرکی سینتاکسیدا هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت، چونکە ئەم دووانە نە بەهۆی ڕیزبوونەوە نە بەهۆی نیشانەوە نە لەڕووی پێکهاتنەوە لەیەکتر جیاناکرێنەوە، چونکە:

١- هەردووکیان لەزۆربەی بارەکاندا کەرەسەی ناسەرەکین.

٢- هەردووکیان واتای کار تەواو دەکەن و کار فراوان دەکەن.

٣- هەردووکیان بەهۆی ئامرازی پەیوەندی دروست دەبن.

بەڵام دەگونجێش لەڕووی سینتاکسەوە هەندێك تێبینی لەبارەی ئەم دوو دیاردەیە بخەینەڕوو، لەوانە:

١- بەرکاری ناڕاستەوخۆ، هەردەم فرێزی ناوی دەبێت، بەزۆریش ناوە یان جێناوە، جێناو و ناوی تایبەتی بەزۆری دەبن بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، وەك:

* نامەکەم بۆ ئازاد نارد. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ).

* خەڵاتەکەم بۆ ئەوان وەرگرت. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ).

* ئەو بۆ هەولێر دەچێت. (ئاوەڵگوزارە).

بەڵام مەرج نییە، ئاوەڵگوزارە سازبووەکانی بە ئامرازی پەیوەندی هەموو دەم فرێزی ناوی بن، بەتایبەتی ئەو ئاوەڵگوزارانەی چۆنیەتی دەگەیەنن، وەك:

* ئەو نامەکەی بەجوانی نوسی.

٢- بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی کاریگەری کارەکەی دەکەوێتەسەر، بەڵام ئاوەڵگوزارە سنوری ڕوودانی کارەکە لەڕووی (کات، شوێن، چۆنیەتی، هۆ،... هتد) دیاری دەکات.

٣- بەرکاری ناڕاستەوخۆ زیاتر لەگەڵ کاری تێپەڕدێت، بەزۆریش لەگەڵ ئەو کارانە دێت، کە داوای دوو بەرکار دەکەن، کەچی ئاوەڵگوزارە لەگەڵ هەموو جۆرە کارێك دێت، هەروەها بەرکاری ناڕاستەوخۆ تەنیا لەگەڵ کاری تەواودێت، بەڵام ئاوەڵگوزارە لەگەڵ کاری تەواو و ناتەواو دێت.

٤- زۆرجار لادانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ ڕستەی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام لادانی ئاوەڵگوزارە و سەربارەکان ڕستەی ناڕێزمانی لێناکەوێتەوە، وەك:

* پارەکەم دا بە مامۆستا.

تەواوکەر

* زمان، مرۆڤی کرد بە مرۆڤ.

تەواوکەر

لەم دوو ڕستەیەدا، لادانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، کە هەردوو فۆرمی (مامۆستا) و (مرۆڤ)ن، تێکچوونی ڕستەکانی لێدەکەوێتەوە.

* ئەوان لە ماڵەوە یاری دەکەن.

لەم ڕستەیەدا، لادانی (لە ماڵەوە)، کە ئاوەڵگوزارەی شوێنییە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر لایەنی واتایی و ڕێزمانی ڕستەکە نابێت، چونکە ئەگەر بڵێین (ئەوان یاری دەکەن)، هیچ ناتەواوییەك لەڕستەکە دروست نابێت.

٥- لەڕووی شوێنەوە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ زیاتر لەکارەوە نزیکە.

٦- لەڕووی شوێنەوە، ئاوەڵگوزارەکان شوێنی جێگیریان نییەو پەیوەست نین بەڕیزبوونێکی دیاریکراو چەسپاوەوە، بەڵکو سەربەستن، بەڵام ئەمە بەنیسبەت بەرکاری ناڕاستەوخۆ زۆرجار تەواو دەرناچێت.

واتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە جولەکردندا زۆر سەربەست نییە. (کاروان عومەر قادر: ٢٠٠٨، ٥٥).

بە بۆچوونی ئێمە جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیە زیاتر لەڕووی واتاییەوە (سیمانتیکەوە)یە، چونکە لە سیمانتیکدا، زیاتر گرنگی بە واتا دەدرێت نەك فۆرم، کاتێك دوو کەرەسە لەڕووی فۆرمەوە لەیەك نزیك دەبن، بەڵام لە ئەرکدا جیاوازن، ئەوا بێگومان دەبێت پەنا بۆ واتا ببەین، بەڵام ئەمەش نابێتە پێوەر بۆ گشت بوارەکان، بەڵام لە پێوەرەکانی تر باشترە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر کەرەسەی تەواوکەر کە فرێزە (ئامانج یان سودمەند یان وەرگر)بوو، ئەوا بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، بەشێوەیەکی تر ئەگەر فرێزە بەندەکە واتای (کات، شوێن، چۆنیەتی، هۆ)ی نەگەیاند و بەناڕاستەوخۆ کەوتە ژێر کاریگەری کارەکە، ئەوا بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.

بەڵام ئەگەر فرێزی بەندەکە (کات، شوێن، چۆنیەتی، هۆ،...) گەیاندو ئەمانج و سودمەندو وەرگر نەبوو، ئەوا ئاوەڵگوزارەیە.

ئەنجامەکان:

١. جیاوازی نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارەکان تەنیا لەو ئاوەڵگوزارانەن، کە بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی دروست دەبن، لە ئاوەڵگوزارە سازبووەکانی بەهۆی یارمەتی ئامرازی پەیوەندیش، تەنیا جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارەی شوێنی ئاڵۆز و ئاسان نییە، ئەگینا جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و جۆرەکانی تری ئاوەڵگوزارە زەحمەت نییە و دەتوانین هێڵ لەنێوانیاندا بکێشین.

٢. دەبێت لە جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەدا، زیاتر لایەنی واتایی بەهەند وەرگیرێ و جیاوازییەکە دەبێت لەسەر بنەمای واتایی بکرێ.

٣. لە فرێزی بەندا، ئامرازی پەیوەندی سەرەیەو کەرەسەکەی تر، دەبێتە تەواوکەر. بەزۆری ئەگەر کەرەسە تەواوەکەرەکە، ناوی تایبەتی مرۆڤ بێت، یان ناوی تایبەتی گیانلەبەربێت، یان جێناوبێت، ئەوا کەرەسە تەواوکەرەکە دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە کەرەسەی تری وەك ناوی گشتی یان ناوی تایبەتی شوێن، یان... هتد، نابنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

٤. بەرکاری ناڕاستەوخۆ زیاتر توانای وەرگرتنی نوسەکی هەیە و زیاتر بە جێناوی لکاو جێگیر دەکرێت.

پەراوێزەکان:

١. ((پریپۆزشنەکان، مۆرفیماتی خزمەتگوزاری بەشە ئاخاوتنی زمانی کوردین و سروشت و پێویستی زمانەکە، وای خواستووە کە دروستیان بکات و لە بنەڕەتدا، مۆرفیمێکی واتاداربوون و بەگوێرەی تێپەڕینی کات و پێشکەوتنی زمان، گۆڕاون بەم فۆرمەی ئەمڕۆ)) (محمد فاروق عمر: ١٩٩٠: ٣٧).

٢. بۆ خاڵەکانی (٩، ١٠) سوود لە سەرچاوەی (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣، ٢٨) وەرگیراوە.

٣. لەوانە (هیدایەت عەبدوڵلا). (بڕوانە: هیدایەت عبدالله: ١٩٩٣، ١٢٥).

٤. بۆ ئەم خاڵانە سوود لە سەرچاوەی (B, Aarts: 2001, 19) و (عومەر ئەحمەد: ٢٠٠٩، ٧٩) وەرگیراوە.

لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: بەزمانی کوردی

١. ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠١٠)، ئەرکی ئەدڤێربل لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە (٣)، سلێمانی.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆجی)، بەشی چوارەم ـ ژمارە و ئاوەڵکردار، بەغدا.

٣. احمد حسن فتح الله (١٩٩٠)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤. خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو (٢٠٠٨)، بەرکار لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥- ساجیده عەبدوللا فەرهادی (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦- سعید صدقی کابان (١٩٢٨) مختصر صرف ونحوی کوردی، چاپخانەی نجاح، بەغدا.

٧- شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی (١٩٨٩)، ئاوەڵگوزارە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٨- عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩)، فرێزی بەند لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٩- قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٢)، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

١٠- کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.،

١١- کوردستان موکریانی (١٩٨٦)، سینتاکسی ڕستەی سادە لەزمانی کوردیدا، دار الحریە للطباعە، بەغداد.

١٢- لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، (١٩٨٦)، ڕستەسازی لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی چواردەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

١٣- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٥)، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی، چاپی دەیەم، هەولێر.

١٤- محمد فاروق عمر صدیق (١٩٩٠)، دەستوری پێوەلکانی مرۆڤ ناو ((بەناوی باوك و باپیر و لەقەبەوە لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا))، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٦)، بەغدا.

١٥- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارووددا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٦- محمود فتح الله (١٩٨٨)، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٧- هیدایەت عەبدوللا محەمەد (١٩٩٣)، پێشپرتك و پاشپرتك لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

دووەم: بەزمانی عەرەبی

١٩. توفیق وهبی (١٩٥٦)، قواعد اللغة الكرديه، الجزء الأول والثانی، بیروت.

٢٠. محمد علی الخولی (١٩٨٢)، محجم علم اللغة النظری انكلیزی . عربی، مكتبه لبنان، بیروت.

سێیەم: بەزمانی فارسی

٢١- جك ریچارد. جان پلت و هایدی وبر (١٣٧٥ / ١٩٩٦)، فرهنگ توضیحی زباشناسی کار بردی لانگمن (زبانشناس و اموزش زبانی)، مشاورین: سی - ان - کندلین و جان أکبر، ترجمه وتالیف: حسین شوقی و سید اکبر میر حسینی، مرکز ترجمه ونشر کتاب، چاپ دوم، تهران.

چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی

22- B, Aarts (2001), English Syntax and Argumentation, Palgrave: London.

23- Katamba, F. (1993), Morphotoge, Macmillan: London._